سودانی ڕێنوێنی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ نۆژەنکردنەوەی هەردوو دەروازەی مونزرییە و مەندەلی دەدات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ڕێنوێنیدا بە دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ نۆژەنکردنەوەی هەردوو دەروازەی سنووریی مونزرییە و مەندەلی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتڵەع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی کرد لە پارێزگاری دیالە عەدنان محەمەد شەمەری.

وتیشی لە میانەی دیدارێکدا تاوتوێی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی هەردوو دەروازەی سنووری مونزرییە و مەندەلی کرا، لەچوارچێوەی ڕاسپاردەکانی حکومەت بۆ زیادکردنی داهاتی دەوڵەت، سودانی فەرمانی کرد میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدان جێبەجێکردنی ئەم دوو پڕۆژەیە لەئەستۆبگرێت، هەروەها پێداچوونەوە بە پڕۆژەکانی ژێرخان و ڕێژەی تەواوکردنیان و تێپەڕاندنی بەسەر هەر ئاستەنگێک لەبەردەم تەواوبوونیان کرا، بەپێی خشتەی پلان بۆ داڕێژراو.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کردەوە لە پارێزگاکان، ئەمەش

بەپێی ئەولەویاتی حکومەت لە چوارچێوەی پلانەکانی بە باشترکردنی واقیعی خزمەتگوزاری و بە ئامانجی بەدیهێنانی ژیانێکی گەشەپێدانی گشتگیر کە خواستەکانی خەڵکی پارێزگاکە بەدەست بهێنێت.